22ـی ئەیلوولی 2024

**کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان**

**ئەپیکور داوای بەردەوامی کۆبوونەوە سێقۆڵییەکان دەکات بۆ هەناردەکردنەوەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا**

- کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور داوا دەکەن بەزووترین کات هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا دەستپێبکاتەوە
- ئەپیکور بە لێدوانە ئاشکراکانی سەرۆکوەزیرانی عێراق هاندراوە، ئاماژە بەوە دەکات، دەکرێت کۆتایی 2024 بۆری نەوتی عێراق-تورکیا بکرێتەوە
- کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور ئامادەن هەناردەی نەوت دەستپێبکەنەوە، بە مەرجی ئەوەی دڵنیایی بدرێت پارەی هەناردەکردنەوەی رابردوو داهاتوو بدرێت، راستەوخۆش پارەی هەناردەکردنی نەوت بدرێتە کۆمپانیاکان و مەرجە بازرگانی و ئابوورییەکانی بپارێزرێن.

لەکاتێکدا سەرکردەکانی جیهان لە نیویۆرک و لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان کۆدەبنەوە، کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور داوا لە حکومەتی عێراق دەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت، کێشە هەڵپەسێردراوەکان چارەسەر بکەن و چارەسەرێک بدۆزنەوە لە بەرژەوەندیی هەمووان بێت و بەزووترین کات هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا دەستپێبکاتەوە.

پێش راگیرانی هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا لە مانگی ئاداری 2023، بەنزیکەیی رۆژانە 450,000 بەرمیل نەوت هەناردەی بازاڕە نێودەوڵەتییەکان دەکرا.

ئەپیکور قسەکانی ئەم دواییەی محەممەد شیاع سوودانی سەرۆکوەزیرانی عێراقی لە پرۆگرامی ( Bloomberg's Horizons Middle East and North Africa) لە (17ـی ئەیلوولی 2024)، تێبینی کردووە، ئاماژە بەوە دەکات دەکرێت لە کۆتایی 2024 بۆری نەوتی عێراق-تورکیا بکرێتەوە. ئەپیکور بە لێدوان و قسەکانی سەرۆکوەزیرانی عێراق هاندراوە، داوای کۆبوونەوەی سێقۆڵی بەپەلە دەکات، بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێک لە بەرژەوەندی هەمووان بێت بۆ کردنەوەی بۆری نەوتی عێراق –تورکیا.

کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور ئامادەی هەناردەکردنەوەی نەوتن، بە مەرجی گەیشتن بە رێککەوتنێک، دڵنیایی بدات لەوەی پارەی رابردوو و داهاتووی هەناردەکردن بدرێتە کۆمپانیاکان، دواتریش راستەوخۆ پارەی هەناردەکردن بدرێتە کۆمپانیاکان و مەرجە بازرگانی و ئابوورییەکانیش بپارێزرێن. ئەم رێککەوتنانە پێویستی بە رێکخستنەوە و دەستکاریکردنی گرێبەستەکان هەیە؟ ئەگەر حکومەتی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت لەسەری رێککەوتن، کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور ئامادەن رەچاوی ئەوەش بکەن.

کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور لەگەڵ راگەیاندراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هاوڕان، باس لەوە دەکەن رێککەوتنەکانی فرۆشتنی راستەوخۆ لەنێوان سۆمۆ و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت، باشترین بژاردە بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ئێستا پێشنیاز دەکەن – دەبێت ئەو رێککەوتنانە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت دڵنیابکاتەوە لەوەی، پارەکەیان راستەوخۆ پێدەدرێت، گرێبەستەکان رێکدەخرێنەوە، یان لە بەندەری جەیهان بە شێوەی ماددی پارەکەیان دەدرێت.

هەناردەکردنەوەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا سوودی بۆ هەموو هاووڵاتیانی عێراق دەبێت:

- عێراق و هەموو خاوەن پشکەکان لەڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە مانگانە بە نزیکەیی 1 ملیار دۆلار دەچێتە سەر داهاتیان؛ لەوکاتەوە لە مانگی ئاداری 2023ـوە هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا راگیراوە، هەموو لایەنەکان 20 ملیار دۆلاریان لەدەستداوە
- عێراق مانگانە 24 ملیۆن دۆلاری بۆ دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا ئێستا بەهۆی پابەندنەبوون بە مەرجەکانی گرێبەست لەژێر رێککەوتنی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا سزا دەدرێت
- بەرهەمهێنانی کوردستان پاڵپشتی لە دیدگەی وەزارەتی نەوتی عێراق دەکات بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ 6 ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانە تاوەکو کۆتایی 2027، لەگەڵ ئەوەشدا توانای هەناردەکردن لە هەرێمی کوردستان زیاد دەکات
- پیشەسازییەکی بەهێز و سەقامگیریی نەوت و گاز متمانە زیاد دەکات و زیاتر سەرنجی وەبەرهێنانی دەرەکی رادەکێشێت، ئەمەش وا دەکات عێراق سەربەخۆیی وزە بەدەستبهێنێت و هەناردەکردن زیاد بکات
- وەک ئەوەی بەرپرسانی حکومەتی عێراق رایانگەیاندووە، عێراق بە هەناردەکردنی نەوت لە سنووری باکوور و باشووری وڵات، ئاسایش و فرەچەشنی ئابووریی زیاتری دەبێت

مایڵز کاگینز گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان رایگەیاند، "کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور داوای کۆبوونەوەیەکی سێقۆڵی فەرمی دەکەن لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بەزووترین کات هەناردەی نەوت لەڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا دەستپێبکاتەوە. "لەگەڵ لەدەستچوونی 20 ملیار دۆلار لە هەموو لایەنەکان – بە خەڵکی عێراقیشەوە – کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور بەشوێن چارەسەرێکدا دەگەڕێن لە بەرژەوەندیی هەمووان بێت و بە زووترین کات بەدواداچوون و کار لەسەر لێدوانەکانی بەرپرسانی حکومەتی عێراق دەکەن، کە ئاماژەیان بەوە کردووە، کردنەوەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا کاری لەپێشینەیانە."

**-کۆتایی-**

**دەربارەی ئەپیکور:**
ئامانجی کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەپیکور ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن، کۆڕبەند بۆ ئەندامەکانی سازدەکات بۆ هاوبەشپێکردنی زانیاریی پیشەسازیی گشتیی گونجاو و باشترین کار.

بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی www.apikur.uk بکە

بۆ پرسیاری میدیایی:
مایڵز کاگینز، گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازیی نەوتی کوردستان
myles.caggins@wordswarriors.com
media@apikur.uk

Whatsapp: +1-254-371-5704
ئەپیکور لە سوشیاڵ میدیا ببینە:
تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس (X): @apikur_oil | LinkedIn: https://www.linkedin.com/company/apikur